Federal Government
Commissioner for Freedom
of Religion or Belief

<u>مێزگرد – 10 ساڵ دوای جینۆساید – ئایندەی ئێزیدییەکان لە شنگال</u>

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، وەزارەتی هەماهەنگی ئابووری و گەشەپێدان و بە سەرپەرشتی کۆمیساری حکومەتی فیدراڵی بۆ ئازادیی ئایین و جیهانبینی، دیالۆگێکی سەبارەت بە داهاتووی ئێزیدییەکان لە عێراق و بە تایبەت لە قەزای شنگال ڕێکخست.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دە ساڵ بەسەر دەستپێکی کۆمەڵکوژی دژ بەم جڤاتە ئایینییە، کاتی ئەوە هاتووە دۆخی خەڵک بە شێوەیەکی بنەڕەتی باشتر بکرێت. ئەمەش دڵنیابوون لەوەی کە خێزانە ئاوارەکان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بتوانن بە سەلامەتی بۆ زێدی خۆیان لە شنگال بگەڕێنەوە و لەوێ ژیان بەسەر بەرن، قەزای شنگال دواجار توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەبێت، هەروەها ئەو هێزە ئەمنیانەی کە لەوێن بتوانن یاسا و ڕێساکان جێبەجێ بکەن، دەگرێتەوە. هەروەها ئەمە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر و چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی جینۆسایدەکە، دابینکردنی قەرەبووی دیکە و بەردەوام، بەتایبەتی بۆ ژنانی ڕزگاربوو، هەروەها هەوڵی زیاتر بۆ ڕێگریکردن لە قسەی ڕقئامێز و توندوتیژی دژی ژنان و پیاوانی ئێزیدیش دەگرێتەوە.

لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی عێراق، نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەکادیمیان، نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێزیدی و تاراوگەنشینانی ئەڵمانیا ئاڵنگارییەکانی بەردەم ئایندەیەکی سەلامەت و گونجاو بۆ ژیان بە چڕی و بنیاتنەرانە تاوتوێ کران. ئاستی تێگەیشتن لە بارودۆخی ئاڵۆزی پێکهاتەی ئێزیدی لە عێراق و لە هەرێمی عێراق- کوردستان و بەتایبەتی لە شنگال بەرزتربۆتەوە. ئەگەر تەنها لەبەر هۆکاری مرۆییش بێت، پێویستە ئێستا هەوڵەکان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی هەلومەرجی ژیان لە شنگال خێراتر بکرێن. ، حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا، وەک پێشتر ڕاگەیەندرا، 15 ملیۆن یۆرۆی دیکە تەرخان دەکات. بنەمای سەرەکیی هەموو هەوڵەکان هاودەنگیی نێوان عێراقی ناوەند و هەرێمی کوردستانی عێراقە.

کۆمیسار فرانک شڤابە هەروەها وەک ئەنجامی دیالۆگەکەیش بەدواداچوون بۆ سێ بابەتی دیاریکراو دەکات:

1. بەرەنگاربوونەوەی گوتاری رقئامێز لە دژی ئێزیدییەکان و کەمینە ئایینیەکانی دیکە
2. لێکۆڵینەوە و کارکردنی زیاتر لەسەر جینۆساید دژی ئێزیدییەکان (دادگەریی راگوزەر)
3. ئاڵوگۆڕکردن لەسەر ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ئیدارەی خۆجێیی لە شنگال

خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە چارەسەرێک بۆ ژنانی رزگاربووی ئێزیدی و منداڵەکانیان هەبێت و چاودێری پزیشکی و چارەسەری دەروونی گونجاویان بۆ دابین بکرێت. جگە لەوەش دەبێت هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەو ژن و منداڵانەی کە هێشتا بێسەروشوێنن.

حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا هەروا لە بایەخپێدانی زۆری بەوەی، رەوشی ئێزیدییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێڕاق بە شێوەیەکی بنەڕەتی و بەرچاو باشتر بکرێت، بەردەوامە. فرانک شڤابە وەک نوێنەریان بۆ ئازادی ئایین و جیهانبینی، پێشنیاری درێژەدان بەم ئاڵوگۆڕە پێشکەش بە هەموو بەشداربووانی مێزگردەکە دەکات و خۆشحاڵە بە بەردەوامی هەماهەنگییەکی پڕ لە متنمانە. هەروەها بۆ دیالۆگی زیاتر لە خزمەت هاوکارەکانی لە پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا و نوێنەرانی ژمارەزۆری جڤاتی ئێزیدی لە ئەڵمانیادایە.

هەبوونی متمانە و جێمتمانەبوون مەرجی پێشوەختەن بۆ ئەوەی پێکەوە بە ئامانج بگەین. پێویستە پێکەوە هەموو کارێک بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم مەرجانە بێنەدی.